کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-4-2007 20:37 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بۆ:

- بەڕێز مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
- بەڕێزمەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
- بەڕێز کاك جەمیل هەورامی لێپسراوی کۆمەڵەی پێشمەرگەدێرینەکانی کوردستان

بۆ دووەمین جارە بەڕێزتان ئاگاداردەکەینەوە کەوائێمە وەك پێشمەرگەدێرینەکانی [ی. ن. ك] کەلەهەشتاکان پێشمەرگەبوین تادوای ئەنفالەکان بەبڕیاری سەرکردایەتی گەڕاینەوە ناوشاروو پەیوەندیمان بەڕێکخستنەکان کردەوەو لەناوشانەکاندا خۆمان سازدابۆڕاپەڕینی ساڵی (1991) لەدوای ئەوەش لەهەموو ساتەناخۆشەکاندا دەوری کاریگەروو بەرچاومان هەبووە بۆبەرگریکردن لە [ی. ن. ك]و حکومەتی هەرێمی کوردستان کەچی تائێستا لەقەزای کۆیە بارەگای[ کۆمەڵەی پێشمەرگەدێرینەکان] نەکراوەتەوە بۆئەوەی پێشمەرگەدابڕاوەکان تێیدا ئەندام بن تەنها بارەگا بۆکۆمەڵەی پێشمەرگەدێرینە دانەبڕاوەکان کراوەتەوە. ئێمە نازانین دەبێت چ حیکمەتێك لەوجیاوازی کردنەدا هەبی وچ خزمەتێك بەیەك ڕیزی ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بکات. بۆیە داواکارین وەك وەفایەك بۆ ئەو خەباتەی کەکردومانەو وەوەك وەفایەك بۆ
خوێنی شەهیدە هاوسەنگەرەکانمان یەکێك لەم دوو داواکاریانەی خوارەوەمان قبوڵ بکەن چونکە قەزای کۆیەو
دەوروبەری پێشمەرگەی دێرینی دابڕاوی زۆر لەخۆی دەگرێت کەلەتیپەکانی [93ی کۆیەو 99ی بیتوێن و 90ی باواجی و 91ی سەفین و 25ی خاڵخاڵان ] و هەندێکی مەڵبەندی (3) و مەڵبەندی (4) و سەرکردایەتی تێدایە
بۆیە داواکاریەکانمان لە یەکێك لەم دوو خاڵانەی خوارەوە خۆی دەنوێنێت.

1. ئەوبارەگایەی کەئێستا بۆکۆمەڵەی پێشمەرگەدێرینە دانەبڕاوەکان لەقەزای کۆیە کراوەتەوە پێشمەرگە دابڕاوەکانیش بگرێتە خۆی.
2. ئەگەر نا بارەگایەکی تایبەت بۆکۆمەڵەی پێشمەرگەدێرینە دابڕاوەکان لەقەزای کۆیە بکرێتەوە.

لـــــەگەڵ ڕێزماندا.... .... ..

داواکـــــــاران

پێشمەرگەدێرینەدابڕاوەکانی دانیشتووی قەزای کۆیەو دەوروبەری
2007/4/3

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.